Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090427

# کاریگەری پرۆگرامی پۆرتاج لە گەشەپێکردنی لایەنی زمان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (4- 6 ) ساڵ لە باخچەی منداڵان و سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت

ساکار سردار حمەسوور          کەریم شەریف قەرەچەتانی

بەشی باخچەی منداڵان // کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت // زانکۆی سلێمانی

## Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

پرۆگرامی پۆرتاج، لێهاتووی زمان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی

## Corresponding Author

sakar.hamasoor@univsul.edu.iq

**پوختە:**

پرۆگرامی پۆرتاج یەکێکە لە باشترین بەرنامەکانی پێشوەختە کە یارمەتی منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە (الطفوله المبکرة) دەدات کە لێهاتووی بەسوود لەژیانیاندابەدەست بهێنێت ،ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەدەستنیشانکردنی کاریگەری بەکارهێنانی پرۆگرامی پۆرتاج لەگەشەی زمان لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ،دەستنیشانکردنی کاریگەری بەکارهێنانی پرۆگرامی پۆرتاج لە گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت ،توێژەر ڕێبازی (نیمچە ئەزموونی )بەکارهێناوە ، هەروەها پشتی بەستوە بە دیزاینی تاقیکردنەوە پێش وەختە (الاختبار القبلی) وتاقیکردنەوە پاشوەختە(اختبار البعدی) بۆ یەك کۆمەڵە ئامرازی توێژینەوەکە بریتییەلە(پرۆگرامی پۆرتاج ) بواری کاتی توێژینەوەکە بریتییە لە ماوەی نێوان ( 15 ی کانوونی دووەم – 15 ی ایار ی 2021 ) هەرچی سنووری شوێنیش خۆی لەناوەندی پارێزگای سلێمانی دەبینێتەوە ، سنووری مرۆیی توێژینەوەکەش پیکهاتووە لە (12) منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت تەمەن (4- 6 ) ساڵ، بە ڕێگای نموونەی مەبەستدار هەڵبژێران.توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند ئەنجامێکی زانستی گرنگترینیان :١ - جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی بەڵگەداری (0.05) لەپێوەری گەشەی زمان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کۆمەڵەی ئەزمونگەری، ئەم جیاوازیەش لە بەرژەوەندی پێوەری پاشەکییە.٢- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەئاستی بەڵگەداری (0.05) لەپێوەری گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کۆمەڵەی ئەزمونگەری، ئەم جیاوازیەش لە بەرژەوەندی پێوەری پاشەکییە .

## پێشەکی:

**بەشی یەکەم :چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان**

**یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە (مشکلة البحث ):**

تێکچوونی زمان و پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی و سۆزداریدا یەکدەگرێتەوە،کەمبوونەوەی توانای زمان یەکێکە لە بڵاوترین تێکچوونەکانی زمان لە منداڵاندا و ئەم تێکچوونانە بەزۆری کاریگەری نەرێنی لەسەریان دەبێت.(سليمان واخرون ، 2016، ص 452)پرۆسەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی گرنگە بۆ گەشەی منداڵ ، توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو منداڵانەی کە بواری کارلێکی کۆمەڵایەتیان بۆ هەڵناکەوێت گەشەیان دوادەکەوێت ، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی توانای دەربڕین و ووتووێژ و دەستپێشخەری بە منداڵ دەبەخشێت و مەرجی بنەڕەتی دروستبوونی کۆمەڵگاکانە .(على و ئەوانی تر ، 2021،لا67) زمان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بوونی سەرەکی هەیە بەبێ زمان مرۆڤ ناتوانێت لە پەیوەندیەکاندا سەرکەوتووبێت چونکە زمان دەتوانێت ئەو پەیوەندیانە بهێڵێتەوە و گەشەیان پێبدات ، واتە مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونیەوە کە منداڵە پێویستی بە زمانە ، بە ڕوانین لەوەی منداڵ لەم تەمەنەدا لە دۆخی دەستخستنی ڕێکەوتن و گونجاندنی دروستدایە لەگەڵ ژینگەی دەرەوەدا ، وە لە دۆخی چاندنی تۆوی توانا و توانستەکانی داهاتوویانن لەلایەنی پەروەردەیی و فێربوونەوە هەروەها گرنگی ئەم قۆناغە خۆی دەبینێتەوە لە ئاوێتە کردنی منداڵ لەگەڵ هاوتەمەنی خۆی و بەدەستهێنانی تایبەتمەندی و ڕاهاتنی کۆمەڵایەتی و گونجاندن لەگەڵ ژینگەی چواردەوری خۆی . توێژینەوەکان جەختیان لەسەر گرنگی قۆناغەکانی تەمەنی سەرەتایی بۆ گەشەکردنی منداڵان کردووەتەوە.بەرنامەکانی دەستێوەردانی پێشوەختە بۆ هەر حاڵەتێك بۆ وەبەرهێنانی ئەم قۆناغە گرنگە لە ژیانی منداڵدا بۆ پەرەپێدانی توانا جۆراوجۆرەکانی لە بواری مەعریفی و جووڵەیی و کۆمەڵایەتی و زمانیدا . توێژەر لەماوەی خوێندنی کۆرسات و سەردانیکردنی باخچەکان و مامەڵەکردنی بەردەوامی ڕۆژانە لەگەڵ منداڵدا و لە ئەنجامی گەڕان و سەرنجەکانی بۆ سەرچاوەکانی دەربارەی منداڵانی باخچە و پێش چوونە قوتابخانە تێبینی ئەوەی کرد هەندێك لە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت کێشەی گەشەی زمان و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان هەیە بۆیە ئەم جۆرە منداڵانە پێویستیان بە ڕاهێنان و پرۆگرامی تایبەتە ، لەبەرئەوە توێژەر (پرۆگرامی پۆرتاج) ی هەڵبژارد کە پرۆگرامێکی جیهانیەو گونجاوە بۆ ئەو جۆرە منداڵانە .توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی لە شێوەی ئەم پرسیارەدا دەخاتە ڕوو : **ئایا بەکارهێنانی (پرۆگرامی پۆرتاج ) چ کاریگەریەکی لەسەر گەشەی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت (4-6) ساڵ هەیە؟**

**دووەم : گرنگی** توێژینەوەکە (اهمية البحث ):

ئەگەر سەرەتایی قۆناغی منداڵی قۆناغێکی گرنگ بێت بۆ گەشەکردنی منداڵانی ئاسایی ئەوا بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت گرنگترە ، ساڵەکانی یەکەم بۆ مانەوە و ماوەی کەم بوونەوەی گەشەکردن و لەدەستدانی دەرفەتە گونجاوەکان ، لەتەمەنی دواتردا تێدەکۆشن و لەبری ئەوەی بۆ قۆناغی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت ببێتە قۆناغی گەشەکردن و یاری کردن و گەڕان و چێژ وەرگرتن دەبێتە قۆناغی دواکەوتوویی منداڵ لە گەشە و یاری کردن و پەیوەندی کردن بەکەسانی چواردەوریەوە . (الخطيب و الحديدى ، 1998،ص 20 )

لای زۆربەمان ئاشکرایە کە باخچەی منداڵان وەك دامەزراوەیەکی پەروەرەیی و کۆمەڵایەتی گرنگیەکی زۆری لەژیانی منداڵدا هەیە چونکە قۆناغی منداڵی زۆر ناسك و گرنگە بنیاتنەری کەسایەتی مرۆڤە ئەگەر ئەم قۆناغە ژینگەی لەبار و گونجاوی بۆ دابین نەکرێت ئەوا زەرەرو زیانێکی گەورە بە کەسایەتی منداڵ دەگات و کۆمەڵێك ئەندێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ دەخولقێنێ ، کە زۆر زەحمەتە لێی دەربازبێت و هەتا هەتا کاریگەری خراپی هەردەمێنێت لە بەرئەو گرنگیەی قۆناغی منداڵی وڵاتانی پێشکەوتوو و شارستانیخواز بیریان لە دامەزراوەیەکی تری کۆمەڵایەتی کردەوە بۆ ئەوەی لە لایەك هاوکاری خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵدا بکات و لەلایەکی تریشەوە بتوانێت قەرەبووی ئەو کەم و کورتی و ئەندێشانە بکاتەوە .(قەرەچەتانی ، 2014 ، لا 9 )

پرۆسەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی گرنگە بۆ گەشەی منداڵ ، توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو منداڵانەی کە بواری کارلێکی کۆمەڵایەتیان بۆ هەڵناکەوێت گەشەیان دوادەکەوێت ، کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەو بوارە دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی کەسێتی تاکەکان دەرکەون ، کەسانی داهێنەر و پلاندانەر ،لەوانەشە کەسانی توندوتیژیان تیا دەردەکەوێت ، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی توانای دەربڕین و ووتووێژ و دەستپێشخەری بە منداڵ دەبەخشێت و مەرجی بنەڕەتی دروستبوونی کۆمەڵگاکانە .(بابان و ئەوانی تر ، 2021،لا67)

پرۆگرامی پۆرتاج یەکێکە لە باشترین بەرنامەکانی زوو بەدەمەوەچوون کە یارمەتی منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە (الطفولة المبكرة ) دەدات کە لێهاتووی بە سوود بە دەست بهێنێت لە ژیانیاندا و پشت بەو ڕاستیە دەبەستێت کە هەڵس و کەوت لە ڕێگەی چالاکیەکانی یاری و پاداشتکردنی ئەرێنییو پێشکەوتن لە پەروەردە و ڕەفتار دەبێت ، ئەم پرۆگرامە کار لەسەر کۆمەڵێك لێهاتووی دەکات پشت بەستن بە چالاکیەکان بۆ بەدەست هێنانی گەشە لەو بوارانەدا و چاودێریکردن و بەرەو پێش چوونی توانای منداڵان و بەشداریکردنی دایکان و خێزانی منداڵەکان لە پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا سەرکەوتنی پرۆگرامەکە بۆ پسپۆڕان مسۆگەر دەکات .(عواد و شريت ، 2008 ، ص 11 )

پرۆگرامی پۆرتاج یەکێکە لە باشترین بەرنامەکانی زوو فریاکەوتن کە یارمەتی منداڵان دەدات کە کارامەیی بەسوود فێربێت لە ژیانیاندا لە ڕێگەی چاودێری گشتگیری هەموو تواناکانی ( زمان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مەعریفی و جووڵەیی و یارمەتیدانی خوود ) چاودێری کردنی توانا و گەشەکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .(حسين ، 2020 ، ص 1285 )

دەستێوەردانی پێشوەختە ئامانجی پەرەپێدانی توانا و لێهاتووییەکانی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتە، لە هەمان ئەو بوارانەی کە منداڵێکی ئاسایی تێیدا گەشە دەکات، کە بریتین لە بوارەکانی مەعریفی، کۆمەڵایەتی، سۆزداری، جوڵەیی، زمانەوانی، و ئەکادیمی، تێرکردن پێداویستیەکانی و پێداویستیەکانی خێزانەکەی، سوودمەندبوون لە منداڵ وەك ئەندامێکی بەسوود لە کۆمەڵگا و پێشکەشکردنی چاودێری خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆی لەڕێگەی تیمێکەوە لە(کارمەندانی کۆمەڵایەتی، دەروونناسان، مامۆستایان و پزیشکان ) لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی پێشوەختەی حاڵەتەکان و پێشکەشکردنی چاودێری یەکگرتوو و بەرنامەی تایبەتمەند، زۆرێك لە توێژینەوەکان ئەنجامی دەستێوەردانی پێشوەختە پشتڕاست دەکەنەوە بۆ باشترکردنی ڕێژەی ئاستی زیرەکی لەو وڵاتانەی کە شێوازی دەستێوەردانی پێشوەختەیان بەکارهێناوە، بە تایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستێوەردانی پێشوەختە بۆ باشترکردنی ڕێژەی لاوازی ، ئەمەش تەنها بەو ڕێکارانە سنووردار نییە کە کەمئەندامی کەمدەکەنەوە، لە هەمان کاتدا ئامانجی کەمکردنەوەی ڕووداوی کەمئەندامییە یان ڕێگری لە ڕوودانی و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەستدرێژیکردنە سەر کەمئەندامی و دابینکردنی توانای پزیشکی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و چاکسازی گونجاو بۆ کەمئەندامان بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵگا بن بە شێوەیەکی سروشتی، ئاساییەکان. دەستێوەردانی پێشوەختە لەسەر بنەمای جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان منداڵان لە گەشەکردندا دامەزراوە.(وشاحی ،2003 ،ص3)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو ڕووەوە دیاری دەکرێت:-

**1-2-أ گرنگی تیۆری ( الأهمیةالنظریة ):**

گرنگی تیۆری توێژینەوەکە لە بایەخی بابەتەکەوە سەرچاوەی گرتووە خۆی دەبینێتەوە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تێکچوونی گەشەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو گیرو گرفتانەی ڕووبەڕووی خێزانی خاوەن منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبنەوە ، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لەبەرئەوەی لە ئاستی هەرێمی کوردستان نەکراوە بە پێی زانینی توێژەر بۆیدەرکەوتووە کە ئاستی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە گرنگی خۆی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی پەرتوکخانەکاندا بۆیە هەر کۆششێك لەو بوارەدا بکرێت بۆچارەسەرکردنی ئەو گیرو گرفتانە لەڕووی زانستیەوە گرنگی خۆی هەیە.

**1-2-ب گرنگی پر اکتیکی ( الأهمیة العملیة ) :-**

1. زانینی کاریگەری پرۆگرامی پۆرتاج لە گەشەپێکردنی لایەنی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (4-6 ) ساڵ.
2. ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ هەوڵدان لە بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی پۆرتاج و دەستێوەردانی پێشوەختە و تیشك خستنە سەر گرنگی بەکارهێنانی لە باخچەکانی منداڵان.
3. ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ هەوڵدان لە بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی پۆرتاج و دەستێوەردانی پێشوەختە و تیشك خستنە سەر گرنگی بەکارهێنانی لە سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستا تایبەت.
4. گرنگە بۆ یارمەتیدانی پسپۆڕان لە بواری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چۆنیەتی پلاندانان بۆ گەشەکردن و یارمەتیدانی منداڵان .
5. ئەم توێژینەوەیە و دەرئەنجامەکانی ئەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەو توێژەرانەی لە داهاتوودا دەیانەوێت توێژینەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی پرۆگرامی پۆرتاج لەسەر گەشەی منداڵان لە باخچەی منداڵان ئەنجام بدەن.

سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوەکە (اهداف البحث ):

1.دەستنیشانکردنی کاریگەری بەکارهێنانی پرۆگرامی پۆرتاج لە گەشەی زمان لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

2.دەستنیشانکردنی کاریگەری بەکارهێنانی پرۆگرامی پۆرتاج لە گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

چوارەم :گریمانەکانی توێژینەوەکە ( فرضیات البحث ):

1.بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری (0.05 )لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی پێش جێبەجێکردنی پرۆگرامی پۆرتاج و دوای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە لەسەر ڕەهەندی گەشەی زمان لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

2.بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری (0.05 )لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی پێش جێبەجێکردنی پرۆگرامی پۆرتاج و دوای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە لەسەر ڕەهەندی گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

پێنجەم :سنوری توێژینەوەکە (حدود البحث ) :

1.سنوری بابەت:(پرۆگرامی پۆرتاج ).

2.سنوری مرۆیی : ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر نمونەیەك لە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت تەمەنیان لە نێوان (4 – 6) ساڵیدایە وە ژمارەیان لە (12) منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت

3. سنوری شوێن: باخچەی منداڵان و سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە سنوری سەنتەری پارێزگای سلێمانی.

4.سنوری کات: وەرزی یەکەم 2021- 2022

شەشەم:ناساندنی چەمکەکان (تعریف المصطلحات) :

یەکەم : پرۆگرامی پۆرتاج

لەلایەکی ترەوە پرۆگرامی پۆرتاج پێناسەکراوە بە کۆمەڵێك چالاکی یەکخراوە بۆ گەشەپێدانی هەمەلایەنەی سەرەتای منداڵ کۆمەڵێك ئەزموونی پەیوەندیدار لە خۆدەگرێت کەلەژێر چاودێری و ڕێنمای تایبەتدا پێشکەش بەمنداڵان دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئامانج ( حسن ، 2018،ص 250 )

**پێناسەی ڕێکاری:**

کۆمەڵێك چالاکی وراهێنان و ئەزموونی گرنگە کە منداڵان لە مەودایەکی دیاریکراودا بۆ گەیشتن بەئامانجەگەشەپێدراوەکان ئەنجامیان دەدات.

دووەم : لێهاتووی زمان

یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە مرۆڤ لە بوونەوەرە زیندووەکانی تری سەر زەوی جیادەکاتەوە ، چونکە ئامرازی دەربڕین و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئامرازی بیرکردنەوەیە و ڕۆڵی گرنگ لە ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاکدا دەبینێت . (الضمیلی ، 2004 ، ص 85 )

**پێناسەی ڕێکاریی:**

بریتییە لەو نمرانەی کە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (نموونەی توێژینەوەکە ) لە گەشەکردنی لێهاتووی زمان بە دەستی دەهێنن لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی پرۆگرامی پۆرتاج

سێیەم: پەیوەندی کۆمەڵایەتی

بریتییە لە ئاستی دەربڕینی تاك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ ترس لە ڕێگای بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ، هەڵبەتە پێویستە پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای مرۆڤانەی ویستراو و پەسەند بێت . ( قادر ، 2016 ، لا 114)

**پێناسەی ڕێکاریی:**

بریتییە لەو نمرانەی کە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (نموونەی توێژینەوەکە ) بە دەستی دەهێنن لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی پرۆگرامی پۆرتاج .

بەشی دووەم :چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

بەشی دووەم : تەوەرەی یەکەم : چوارچێوەی تیۆری تویژینەوەکە

2-1-1 : پرۆگرامی پۆرتاج

پرۆگرامی پۆرتاج سەرەتای دانانی بۆ ساڵی (1970) زایني دەگەڕێتەوە کەلە شاری پۆرتەیجی ( Portage) ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو ، بۆ یارمەتیدانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و زوو فریاکەوتنیان ( Early intervention)، ئەویش لەڕێگای سەردان بۆ ماڵی ئەو منداڵانە و ڕاهێنانانی دایکەکان لەسەر چۆنیەتی خزمەتکردن و ڕاهێنان و یارمەتیدانی منداڵەکانیان و بەرەو پێشبردنی تواناکانیان ، سێ ساڵی یەکەم زۆر گرنگە کە دایك و باوك شارەزای بن و چی پێویستە بۆ منداڵەکانیان بیکەن کە ئەم پرۆگرامە لەخۆی دەگرێت . (قەرەچەتانی ، 2015 ، لا104 )

2-1-1-1 ئامانجەکانی پرۆگرامی پۆرتاج :

1.پێشکەشکردنی بەرنامەی زوو بەدەمەوە چوون (فریاکەوتن)(التدخل المبکر ) لەناو ماڵ لە ژینگەیەکی گونجاو و باو ناسراودا بۆ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت .

2.بەشدارپێکردنی ڕاستەوخۆی دایك و باوك لە پرۆسەی ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵەکانیان ، کەئەمەش ئاسانترین و باشترین ڕێگا چارەیە کە هەر لەتەمەنێکی بچووکەوە دایك و باوك لەناو ماڵی خۆیاندا ، ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی کێشەی منداڵەکانیان دەبێت.

3.پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کارامەیی گونجاو بۆ ژینگەو حاڵەتی منداڵەکان .(قەرەچەتانی ، 2015 ، لا 104 )

5.بەکارهێنانی پرۆگرامێکی زنجیرەیی لەڕووی پەرەسەندنەوە بەکاردێت وەك ئامرازێك بۆ فێرکردن.

7.زوو دۆزینەوەی ئەو منداڵانەی کێشەی گەشەسەندنیان هەیە (لەکەمترین تەمەنی گونجاودا ) بۆ ئەوەی بخرێنە ناو پرۆگرامەکەوە .(قاسم و هلال ، 2017 ، ص 17 )

2-1-1-2 کێن ئەوانەی سوود لەم پرۆگرامە وەردەگرن:

هەموو ئەو منداڵانەی تەمەنیان لەنێوان (2-9 ) ساڵیدایە،دایك و باوك و کەسوکاری نزیکی منداڵ،کارمەندانی دام و دەزگاو کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .(العجمی ، 2011 ، ص 65 )

2-1-1-3 سوودەکانی پرۆگرامی پۆرتاج

یەکێك لەسوودەکانی پرۆگرامی پۆرتاج ئەوەیە لەڕووی ئابوورییەوە تێچوونی کەمەبە بەراورد بە دەستێوەردانی پێشوەختە لەسەنتەرەکان ،کارامەیی و خزمەتگوزاری پێشکەش بە منداڵان لە ژینگەی سروشتیدا دەکات و هەروەها بەشداریپێکردنی خێزانی منداڵەکان کاریگەری باشیان لەسەر منداڵەکانیان دەبێت .(سماح و شاحی ، 2003 ، ص 28 )،مامۆستای پرۆگرامەکە ناچار نیە شەهادەی زانکۆی بەرزی هەبێت دایکەکان دەتوانن بچنە خولی ڕاهێنانەوە و سەرکەوتووبن ئەمەش هاوکاری و متمانە لای منداڵ و خێزانەکانیان زیاد دەکات و هاوکاری منداڵ دەکات .(الظاهر و الرواشده ، 2010،ص269 ) هەروەها پرۆگرامێکە کە وردترین وردەکاری گەشە لە هەمولایەنێکەوە گرنگی پێدەدات و بۆ هەر لایەنێکی گەشە پرۆگرامی پەیوەست بە خۆی هەیە .(سلامة ، 2009 ، ص 129 )

2-1-2 لێهاتووی زمان و قسەکردن

لەگەڵ پێشەکەوتنی کۆمەڵگەکەماندا و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بەتایبەت لەسەدەی بیست و یەکدا ، گرنگی زۆردرا بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەمەش وای کرد توێژینەوەکان لەم بارەیەوە زۆربن ، چونکە پەیوەندی مرۆڤەکان یان تاکەکانی کۆمەڵگە هۆکارێکی سەرەکیە بۆمانەوەو بەردەوامبوونی کۆمەڵگە ، چونکە بەبێ زمان و بێ پەیوەندی مرۆڤەکان تەنها بوونەوەرن وناتوانن گرەنتی مانەوەو بەردەوام بوون بکەن ، سەرەڕای پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان و ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی باشتر بەڵام زمان و پەیوەندی ڕۆڵی سەرەکیان هەیە ، تەکنەلۆجیا وای کرد کەزمان بەشێوەیەکی خێراتر بڵاوبێتەوە و زیاتر پشتی پێببەسترێت لەپەیوەندیەکاندا . (عەلی ،2021،لا 196 )

1-2-1-2 ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر گەشەی زمان هەیە:

1.ڕەگەز: کەتوانای زمانی کچان لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا خێراترە لە کوڕان کچان لەهەموو داواکارییە زمانەوانیەکاندا لێهاتوترن کوڕان کەمتر لە کچان قسە دەکەن و ناوەڕۆکی گفتوگۆ و شێوازی قسەکردنیان جیاوازە ، دوای تەمەنی پێنج ساڵی کچان لە وشەسازیدا لەگەڵ کوڕان یەکسانن و هیچ جیاوازیەك لەنێوانیاندانییە .(صواب ،1995 ، ص 248 )

2.کەسایەتی :

ئەم هۆکارە لە منداڵێکدا بەردەستە کە کەسایەتیەکی بەهێزی هەیە ، ئەو منداڵەی کە کەسایەتییەکی گونجاوی هەیە ئارەزووی هەیە لە ڕووی ( کوالێتی وچەندایەتیەوە)باشتر قسە بکات.(فارس و فرقنيس، 2014، ص 43) .

3-هۆکاری زیرەکی:-

پەیوەندییەکی پتەولەنێوان زیرەکی وتوانای زمان دەوڵەمەندی هەیە دەرکەوتووەئەو منداڵانەی زۆرزیرەك وبلیمەتن زوتر فێری زمان دەبن زمانیشیان زۆر پاراو و دەوڵەمەندترە لە منداڵی ئاسایی.(قەرەچەتانی ، 2002 ، لا 49 )

4-باری تەندروستی و هەستەوەری تاك:-

پەیوەندییەکی ئەرێنی بەرچاو لەنێوان چالاکی منداڵ و گەشەکردنی زمانەوانیدا هەیە،تا منداڵ لە ڕووی جەستەییەوە تەندروست و چالاکتر بێت، ئەوا توانای بە دەستهێنانی زمانەکەی زیاترە دۆخی تەندروستی منداڵ کاریگەری لەسەر زۆربەی پرۆسە جیاوازەکانی گەشەکردن هەیە و بەمجۆرە ئەم گەشەکردنە ڕەنگە کاریگەری لەسەرپێشکەوتنی زمانی منداڵ هەبێت. (النوايسة و قطاونه ، 2015 ، ص 54)

2-1-2-2 گرنگی زمان :

1-زمان مرۆڤ لەزیندەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە.

2 -لەکۆمەڵگەدا جێگەیەکی تایبەت بەتاك دەبەخشێت.

3-دەفرێکە کەئەزموونی مرۆڤەکان هەڵدەگرێت کەسوودی بۆمرۆڤەکان هەیە.

4- پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەو شیکاری و ڕەخنە و دیالۆگ لەرێگەی زمانەوە .(سالم ، 2014 ، ص 66)

5--ئامرازێکە کەبەهۆیەوە زانست وەردەگرین.

5-زمان بنەمای کولتوری مرۆڤە،فاکتەرێکی سەرەکیە لەگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا

6- نوێنەرایەتی ئەو ئامرازە بینراوەیە دەکات کەنەوەکان بەهۆیەوە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن .(الجرواني وصديق ، 2013 ، ص9 )

2-1-3 گەشەی کۆمەڵایەتی:

ڕاستە منداڵ سەرەتا کە لەدایك دەبێت بوونەوەرێکی بایۆلۆجییە و تەنها خواردن و خەو و ڕزگاربوون لە پاشەڕۆ دەزانێت، بەڵام بۆ هەموو ئەمانەش دەبێت پشت بە کەسانی دەوروبەری ببەستێت تاکو دەگاتە تەمەنێك کە سەربەخۆیی وەربگرێت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی ناوە و دەرەوەی خێزانەکەیدا دروست بکات لە قۆناغی شیرەخۆریدا منداڵ تەنها پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسە نزیکەکانی هەیە وەك دایك و باوك لەبەر ئەوەی ئەوان پێداویستیەکانی بۆ دابین دەکەن بەڵام قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە لە هەموو قۆناغەکانی دیکە هەستیارترە بۆ دیاریکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ، خێزان لە رێگەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتییەوە ڕەفتار و داب و نەریت و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تردا بە منداڵ دەبەخشێت.( بۆکانی ، 2020 ،لا 297 - 298 )

2-1-3-1 ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی هەیە:

1.هۆکارە کەسییەکان: گەشەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر گەشەی مەعریفی هەیەکەموکوڕییەتایبەتەکانی (کەمئەندامی ،لاوازی گەشەی جەستەیی یان تێکچوونی ڕژێنەکان)،چونکە ئەمانە دەبنە هۆی خراپ گونجاندن و هەستکردن بە ناتەواوی،منداڵی نەخۆش یان لاواز خۆی لە منداڵانی تر دوور دەخاتەوە، ئەمەش دەرفەتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی دروست کەمدەکاتەوە، لەوانەیە هاوسۆزی لەلایەن گەورەکانەوە بەدوای خۆیدا بهێنێت، کە وەڵامی ئارەزووەکانی دەدەنەوە تاوەکو دەبێتە خۆپەرست یان شەرمن، ملکەچ دەبێت و یارمەتی لە کەسانی دیکە وەردەگرێت.

2.هۆکاری ژینگەی: گەشەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر شێوازەکانی کۆمەڵایەتیکردن و پرۆسەکانی ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت کە خێزان لەگەڵ منداڵەکەدا دەیکات ڕاهاتنی منداڵ بە سەربەخۆیی بەشدارە لە داڕشتنی کەسایەتییەکەی، ئەمەش یارمەتی دەدات لە خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی دروستدا،بەڵام بەکارهێنانی شێوازی نەگونجاو سیفەتێکی وەك شێوازی جیاکاری،پشتگوێخستن لەوانەیە زیان بە کەسایەتی منداڵ بگەیەنێت و رێگری لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بکات باخچەی منداڵان بەشدارییەکی گەورە دەکات لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی منداڵدا،بەو پێیەی یارمەتی دەدات بۆ بنیاتنانی چەمکێك لەخۆی و ئەوژینگەیەی کەتێیدادەژی، ئەم گەشەکردنە لەلایەن میدیاوە کاریگەری لەسەرە ڕۆڵی دەستەواژەی (کارەسات، شۆڕش، شەڕ) گواستنەوەی لەناکاو لە ئاستێکی ئابووری کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئاستێکی دیکەی تەواوجیاواز نموونەی دیکەی گۆڕانکاری خێرای ژینگەیە.(العناني ،2005 ، ص 46-47)

2-1-3-2 گرنگی لێهاتووی کۆمەڵایەتی :

لێهاتووی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی تاك و لە بوارە جیاوازەکاندا لە منداڵییەوە تا تەمەنی پیری، کە لە رێگەیەوە تاك دەتوانێت بە شێوەیەکی ئەرێنی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی و دەوروبەری بکات، و هاورێی زۆر بەدەست بهێنێت،لێهاتووی کۆمەڵایەتی بەشدارە لە دامەزراندنی پەیوەندی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگاجا لەماڵەوە بێت یان قوتابخانە یان لەگەڵ باقی کۆمەڵگالەرێگەی تێگەیشتن و فێربوون و پراکتیزەکردنی ڕەفتارەکۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگا ،کارامەیی کۆمەڵایەتی تاك یان کەمی یەکێك لە کارامەییەکانی کاریگەری نەرێنی لەسەر تاکەکان و گەشەسەندنی سۆزداری و کۆمەڵایەتییان وپاڵنەرەکانیان بەرەو پەروەردە ،جگە لەکەڵەکەبوونی کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەر کەسایەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاکەکەس . (صقر،2017،ص 165)

بەشی دووەم : تەوەرەی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

2-2-1توێژینەوەی (حکیم،2002)بەناونیشانی : کاریگەری بەرنامەی پۆرتاج بۆ گەشەپێدانی گشتگیر(الشاملة)بۆ زیادکردنی رێژەی گەشەی کۆمەڵایەتی لای منداڵی پێش قوتابخانە

.ئامانجی توێژینەوەکە: جێبەجێکردنی بەرنامەی پۆرتاج بۆ گەشەپێدانی گشتگیر(الشاملة )بۆ زیادکردنی ڕێژەی کاریگەری لەگەشەی کۆمەڵایەتی لای منداڵی پێش قوتابخانە.

نمونەی توێژینەوەکە: (28) منداڵی کوڕ و کچ کە تەمەنیان لەنێوان ( 4-5 ) ساڵیدا بوو ، دابەش کرابوون بەسەر دوو گروپدا،گروپی ئەزموونی(14)منداڵی کوڕو کچ ، گروپی کۆنترۆڵکراو (14 ) منداڵی کوڕو کچ .

میتۆدی توێژینەوەکە : میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە .

ئەنجامی توێژینەوەکە:جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵداهەیەلەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکەلە ڕووی هەریەکێك لەپێوەرەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەئاستی مانادار (0.01)

بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی(0.01)لە نێوان منداڵانی گروپی ئەزمونیدا هەیە،لەئەنجامی جێبەجێکردنی بەرنامەی پۆرتاج لە ئاستی هەموو توخمەکان لە پلەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی.

2-2-2 توێژینەوەی (نادر ،2014 ) بە ناونیشانی : کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنان لەسەر بنەمای چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی لە گەشەکردنی لێهاتووی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو منداڵانەی کە کێشەی فێربوونیان هەیە

ئامانجی توێژینەوەکە :زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنان لەسەر بنەمای هەندێك تەکنیکەکانی چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی، زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنان لەسەر بنەمای هەندێك تەکنیکەکانی چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی لە پەرەپێدانی توانا کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو منداڵانەی کە کێشەی فێربوونیان هەیە بەپێی ڕەگەز

نمونەی توێژینەوەکە :(35) منداڵ (22) کوڕو (13) کچ.

میتۆدی توێژینەوەکە : میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە

ئەنجامی توێژینەوەکە: بەرنامەی ڕاهێنانەکە کاریگەری هەبووە لە زیادکردنی پلەی کارامەیی کۆمەڵایەتی ئەندامانی گروپی ئەزمونی ڕاستەوخۆ دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە.

بەرنامەی ڕاهێنان جیاوازی نییە لە زیادکردنی پلەی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

3-2-2توێژینەوەی(سلیمان وئەوانی تر،2016)بەناونیشانی :کاریگەری پرۆگرامێکی ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی توانای زمانی منداڵانی باخچەی منداڵان (5-6) ساڵ.

ئامانجی توێژینەوەکە:زانینی کاریگەری پرۆگرامەکەلەباشترکردنی توانای زمانی نمونەیەك لە منداڵان،ئایا جیاوازی لەنێوان نێرومێ لەتوانای زماندا هەیە .

میتۆدی توێژینەوەکە : توێژەر میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە.

نمونەی توێژینەوەکە:(30)منداڵ لەباخچەی منداڵان کەتەمەنیان لە (5-6)ساڵ ،گروپی ئەزمونی (15 )منداڵی(کوڕوکچ)، کۆنترۆڵکراو (15 )منداڵی(کوڕوکچ ).

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1.بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی(0.01)هەیەلەنێوان تێکڕای ناوەندی ژمێرەی لەنێوان گروپەکانی ئەزمونی وکۆنترۆڵکراو لەجێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان لەگەشەکردنی زمانی دەربڕین لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی

3 .بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی(0.01)هەیەلەنێوان تێکڕای ناوەندی ژمێرەی لەنێوان(کوڕوکچ)لە گەشەکردنی زمانی دەربڕین لەبەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ) دا بوو.

بەشی سێیەم :چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

1-3 میتۆدی توێژینەوەکە :توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزموونی بەکارهاتووە.

2-3 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:بریتییە لەسەرجەم منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەباخچەی منداڵان وسەنتەری(حکومی وناحکومیەکانی)ناوشاری سلێمانی بەڵام تائێستا ئامارێکی فەرمی نیە لەهەرێمی کوردستان سەبارەت منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەبەردەست دانیەوەك کۆمەڵگای توێژینەوەکە.

3-2 نموونەی توێژینەوەکە:پێکهاتووەلەمنداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت تەمەن(4-6)ساڵی لەقۆناغی باخچەی منداڵان کەژمارەیان(12)منداڵ بووتوێژەر هەستاوە بەهەڵبژاردنی نموونەیەك لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەبەشێوەی مەبەستدار،لە باخچەی منداڵانی( ئامێز) کە تایبەتە بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (6 ) کوڕ (6 ) کچ لە خۆگرتبوو.

3-3 ئامرازی توێژینەوەکە : پرۆگرامی پۆرتاج (برنامج بورتاج )

توێژەرلەتوێژینەوەکەیدا پشتی بەستووە بە تاقیکردنەوەی پرۆگرامی پۆرتاج بۆ گەشەی (لێهاتووی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ) پرۆگرامی پۆرتاج کە لە لایەن ڕێکخراوی (CBR) دانراوە،وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری ڕێکخراوی یونیسێف (UNISEF ) کردویەتی بەکوردی، بۆ گەشەکردنی تواناکانی هەندێ لەبوارەسەرەکییەکانی گەشەکردنی منداڵ ،ئەوانیش( کارامەییەکانی یارمەتی خۆدان،گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی،گەشەپێکردنی جووڵە،گەشەپیکردنی توانای درك پیکردن ،گەشەپێکردنی زمان و پەیوەندیکردن)پرۆگرامەکەفۆڕمی جیاکردنەوەی بۆ منداڵان لەخۆگرتووەئەوانیش بریتین لە:

1-<u>فۆڕمی هەڵسەنگاندنی بنەڕەتی :</u>ئەم فۆڕمە(13)پرسیاری ئاسان لەخۆدەگرێت لەلایەن دایکی منداڵ یان خێزانی منداڵ پڕدەکرێتەوە بۆزانینی هەر دواکەوتنێك لە گەشەکردن لای منداڵ هەرپرسیارێك سێ وەڵامی هەیە بەدانانی نیشانەی (√) لە چوارچێوەکەلە کاتی وەڵامدانەوەدا،ئەوە دەردەخات کە منداڵەکە لەوانەیە دواکەوتنی گەشەی هەبێت .

2-<u>فۆڕمی هەڵسەنگاندنی وردەکارییەکان :</u> ئەم فۆڕمە(65)پرسیار لە خۆدەگرێت بۆئەو منداڵانەپڕدەکرێتەوەکەدواکەوتنی گەشەکردنیان هەیەلەڕێگەی ئەم فۆڕمی هەلسەنگاندنەوە زانیاری دەربارەی گرفتەکانی (بینین،جووڵە، بیستن،قسەکردن یان فێربوون)کۆدەکرێتەوە،لەلایەن دایکی منداڵ یان خێزانی منداڵەکە پڕدەکرێتەوە .

3-فۆرمی دەستنیشانکردنی وردی گرفتەکانی منداڵ:کەسەرجەم لایەنەکانی گەشەی (یارمەتی دانی خوود،کۆمەڵایەتی ،جووڵە،درك پێکردن،زمان و پەیوەندیکردن)منداڵ لە تەمەنی(1-6)ساڵ لە پرۆگرامی پۆرتاج لە خۆدەگرێت لە لایەن مامۆستا یان کەسی ڕاهێنەر پردەکریتەوە . ئامانجی ئەم پێوەرە بۆ گەشەپێکردنی ( لێهاتوویی زمان و گەشەیی پەیوەندی کۆمەڵایەتی )یە لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

ناوەڕۆکی بەرنامەکە :لە ژێررۆشنایی ئاگاداری توێژەرلەناوەڕۆکی پرۆگرامی ( پۆرتاج)کە(32) دانیشتنی (الجلسة)ی لەخۆگرتبوو(2)دانیشتن لەهەفتەیەکدا کاتی دانیشتنەکان لەنێوان(30-45)خولەکدا بوو، ئەو دانیشتنانە بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکران،بەم شێوەیەی خوارەوە

قۆناغی یەکەم:قۆناغی ناسین وپێشەکی وئامادەکردن: توێژەرلەیەکەم دانیشتن تاقیکردنەوەی پێشوەختەی **پرۆگرامەکە** بۆ منداڵەکان **(پیش جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە)** دەکات ،ئەم قۆناغە(3)دانیشتن لە (١-3)ەوە لەخۆدەگرێت و ماوەی هەر دانیشتنێك (30 - 35 ) خولەك دەبێت.

قۆناغی دووەم:قۆناغی ڕاهێنان:ئەم قۆناغەلەدانیشتنەکانی( 4-30 )دەخایەنێت و ماوەی هەر دانیشتنێک( ٣٠-٤٥ ) خولەك دەخایەنێت ئەم قۆناغە (٣٨) دانیشتن لەخۆدەگرێت

قۆناغی سێیەم:کۆتایی هاتنی پرۆگرامەکە:ئەم قۆناغە(2)دانیشتن کەدانیشتنی (31- 32)لەخۆدەگرێت ماوەی هەردانیشتنێك(30 - 35)خولەکە، دووبارەکردنەوەی سەرجەم ئەو ڕاهێنانانەی لەپرۆگرامەکەدا بۆ(لێهاتووی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی)لەپێشتردا بە منداڵەکان کرابوون ، تاقیکردنەوەی پاشوەختەی پرۆگرامە بۆ منداڵەکان دوای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە دەکرێت.

توێژەر بەمەبەستی دیاریکردنی ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە ،کە تاچەند برگەکانی بەڕوونی و بە ووردی داڕێژراون و لەتوانایدا هەیە پێوانەکردن بۆ گەشەی (لێهاتووی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ) لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن،ڕاستی ڕواڵەتی بۆ پێوەری پرۆگرامی پۆرتاج (گەشەی لایەنی زمان )کە(29)برگەبوو ،وە( گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی )کە (20) برگەبوو، بۆ ژمارەیەك لە شارەزایان وپسپۆڕانی ئەم بوارە نێردرا ، ژمارەیان (9 ) شارەزا بوون

توێژەر پشتی بەستووە بەڕێژەی (80%)ی یەکدەنگی لە نێوان پسپۆڕان و شارەزایان بۆ ڕادەی شیاوی برگەکانی توێژینەوەکە، ئەمەش وەکو نزمترین ئاست بۆ پەسەندکردنی هەر برگەیەك لە برگەکانی پێوەرەکە، ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کەوا کاتێ ڕێژەی هاوڕایی لەنێوان پسپۆڕان و شارەزایان گەیشتە (75%)یان زیاتر ئەوا بە پەسەند دادەنرێت لەلایەنی ڕاستی ڕواڵەتی (الزوبعی، 1981، ص44 )،دوای ئەوەی سەرنج و تێبینی و پێشنیازیی شارەزا و پسپۆڕان دەرکەوت کە سەرجەم برگەکان پەسەندن بە پێی هەردوو ڕەهەندی پێوەرەکە کە (29 ) برگە بۆ گەشەی لێهاتووی زمان ،(20) برگە بۆ گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ، وەبۆ ئەم مەبەستەش توێژەر (ڕێژەی سەدی بۆهەموبرگەکان ،دەرهێنانی بەهای کای سکوێر) ) بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی بەڵگەداری ئاماریی هەربرگەیەك ) بەکارهێناوەکەکە لە خشتەی (1) ، خشتەی (2 ) دا ڕوون کراوەتەوە .

**خشتەی (1)ڕاستی ڕواڵەتی (گەشەی لایەنی زمان )**

| ژمارەی برگەکان | ژمارەی ڕازیبووەکان | Chi-Squared | بەهای خشتەیی ئاستی(0.05 ) | مستوی الدلالة(0.05 ) | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1,2,3,4,5,6,7,8,9,10,11,12 15,16,19,20,21,2426,27 | 9 | 9 | 3.84 | بەڵگەدار | %100 |
| 13,14,22,23,25,29 | 8 | 7.22 | | بەڵگەدار | %88.8 |
| 17 ,18 ,28 | 7 | 5.88 | | بەڵگەدار | %77.7 |

**خشتەی (2 )ڕاستگۆی ڕواڵەتی (گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی)**

| ژمارەی برگەکان | ژمارەی ڕازیبووەکان | Chi-Squared | بەهای خشتەیی ئاستی(0.05 ) | مستوی الدلالة(0.05 ) | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 02,15,1618,42,3,5,7,810,12,13,1 | 9 | 9 | 3.84 | بەڵگەدار | %100 |
| 1,4,9,17,19 | 8 | 7.22 | | بەڵگەدار | %88.8 |
| 6,11 | 7 | 5.88 | | بەڵگەدار | %77.7 |

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر جێگیری پێوەرەکەی پشتڕاستکردەوە بە بە کارهێنانی ڕێگای یەکگرتووی ناوەکی (الفا کرونباخ ) بۆ (12) بەشداربوو بۆ سەرجەم برگەکان ، کە (29) برگە بۆ گۆڕاوی( گەشەی لایەنی زمان) کە بریتی بوو لە ( 0.835 ) کە ئەمەش واتای ئەوەیە هاوکۆلکەی جێگیری بە

ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی زۆر بەرزە و بەڵگەداری ئامارییە ،هەروەها (20) بڕگە بۆ گۆڕاوی (گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی) کە بریتی بوو لە ( 0.881 ) کە ئەمەش واتای ئەوەیە هاوکۆلکەی جێگیری بە ڕێگای یەکگرتوویی ناوەکی زۆر بەرزە و بەڵگەداری ئامارییە

بەشی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

**خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم :**

گریمانەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری (0.05)لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی پێش جێبەجێکردنی پرۆگرامی پۆرتاج ودوای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە لەسەر ڕەهەندی گەشەی زمان لای مندالانی خاوەن پێداویستی تایبەت .

بەمەبەستی زانینی ئەنجامی گریمانەکەی سەرەوە، هەستاین بە جێبەجێکردنی شیکاری ئاماریی بۆ ئەنجامی هەردوو تاقیکردنەوەی(پێشەکی وپاشەکی)بۆپێوەری گەشەی زمان لای گرووپی ئەزموونی،بەپێی تاقیکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی هاوکێشەی ویلکۆکسون Wilcoxonبەهای(z)،لەخشتەی ژمارە (١)ڕوونکراوەتەوە.

هەروەك خشتەی (١) ڕوونیدەکاتەوە بە بوونی بەڵگەی ئاماری لەنێوان پلەی ناوەندی بۆنمرەکانی پێوەری گەشی زمان بەپێی ئاستی بەڵگەداری (0.05) بەپێی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی کۆمەڵەی ئەزمونگەری، ئەم جیاوازیەش لە بەرزەوەندی پێوەری پاشەکییە (چونکە نمرەی گەشەی زمان بەرزبۆتەوە)ن ئەمەش واتای گەشەی زمان دەگەیەنێت لە پێوەری پاشەکی، ئەمەش ئاماژە بەوەدەکات کە گریمانەی یەکەم لە گریمانەکانی توێژینەوەکە جێبەجێ بووە. گریمانەکە پەسند دەکرێ کە دەڵێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لەلای گروپی ئەزمونگەری.

**خشتەی (1)**

**ئەنجامی تاقیدکردنەوەی هاوکێشەی ویلکۆکسون Wilcoxon وبەهای (z) بۆ جیاوازی نێوان جێبەجێکردنی بەرنامەکە بۆ پێو انەی گەشەی زمان بۆ گروپی ئەزمونگەری**

| | پلە | ژمارە | پلەی ناوەندی | کۆی پلە | بەهای Z | ئاستی بەهای هەژمارکراو(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گەشەی زمان (پێشەکی و پاشەکی) | پلەی نەگەتیف | 0[a] | 0.00 | 0.00 | -3.072[b] | 0.002 بەڵگەدار |
| | پلەی پۆزەتیف | 12[b] | 6.50 | 78.00 | | |
| | یەکسانی | 0[c] | | | | |
| | کۆ | 12 | | | | |

هەروەها لە خشتەی (2) دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزمونگەری پێش جێبەجێکردنی بەرنامەکە (37.4167) لە دواى جێبەجێکردنی بەرنامەکە گەشتە (45.9167) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەرزبونەوەی ناوەندی نمرەی کۆمەڵەکە پاش جێبەجێکردنی بەرنامەکە.

**خشتەی ( 2 )**

**ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ پێوەری گەشەی زمان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە کۆمەڵەی ئەزمونگەری**

| گەشەی زمان (پێشەکی و پاشەکی) | پێوەری پێشەکی ن= 12 | | پێوەری پاشەکی ن=12 | |
|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەدی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| | 37.4167 | 7.07696 | 45.9167 | 9.52946 |

**خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی دووەم :**

گریمانەی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری(0.05)لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی پێش جێبەجێکردنی پرۆگرامی پۆرتاج ودوای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە لەسەر ڕەهەندی گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای مندالانی خاوەن پێداویستی تایبەت

بەمەبەستی زانینی ئەنجامی گریمانەکەی سەرەوە، هەستاین بە جێبەجێکردنی شیکاری ئاماریی بۆ ئەنجامی هەردوو تاقیکردنەوەی(پێشەکی وپاشەکی)بۆپێوەری گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای گرووپی ئەزموونی،بەپێی تاقیکردنەوەی ئەنجامی

تاقیکردنەوەی هاوکێشەی ویلکۆکسون Wilcoxonبەهای(z)،لەخشتەی ژمارە (3)ڕوونکراوەتەوە، هەروەك خشتەی( 3) ڕوونیدەکاتەوە بە بوونی بەڵگەی ئاماری لەنێوان پلەی ناوەندی بۆنمرەکانی پێوەری گەشی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی بەڵگەداری (0.05) بەپێی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی کۆمەڵەی ئەزمونگەری، ئەم جیاوازیەش لە بەرژەوەندی پێوەری پاشەکییە ئەمەش واتای گەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت لە پێوەری پاشەکی، ئەمەش ئاماژە بەوەدەکات کە گریمانەدووەم لە گریمانەکانی توێژینەوەکە جێبەجێ بووە. گریمانەکە پەسند دەکرێ کە دەڵێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لەلای گروپی ئەزمونگەری.

**خشتەی ( 3 )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی هاوکێشەی ویلکۆکسون Wilcoxon و بەهای (z) بۆ جیاوازی نێوان جێبەجێکردنی بەرنامەکە بۆ پێو انەی گەشەی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزمونگەری**

| | پلە | ژمارە | پلەی ناوەندی | کۆی پلە | بەهای Z | ئاستی بەهای هەژمارکراو(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گەشەی کۆمەڵایەتی (پێشەکی و پاشەکی) | پلەی نەگەتیف | $0^{a}$ | 0.00 | 0.00 | $-3.072^{b}$ | 0.002 بەڵگەدار |
| | پلەی پۆزەتیف | $12^{b}$ | 6.50 | 78.00 | | |
| | یەکسانی | $0^{c}$ | | | | |
| | کۆ | 12 | | | | |

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەتوانین ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ پێوەری پێشەکی و پاشەکی لە گەشەی کۆمەڵایەتی بەپێی خشتەی (4). هەروەها لە خشتەی (4) دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزمونگەری پێش جێبەجێکردنی بەرنامەکە (32.3333) لە دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە گەشتە (42.0833)ئەمەش بەڵگەیە لەسەربەرزبونەوەی ناوەندی نمرەی کۆمەڵەکەپاش جێبەجێکردنی بەرنامەکە.

**خشتەی (4)**

**ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ پێوەری گەشەی کۆمەڵایەتی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە کۆمەڵەی ئەزمونگەری**

| | پێوەری پێشەکی ن= 12 | | پێوەری پاشەکی ن=12 | |
|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| گەشەی کۆمەڵایەتی (پێشەکی و پاشەکی) | 32.3333 | 6.98483 | 42.0833 | 9.11999 |

**پیشنیاز و ڕاسپاردە:**

لەبەرڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە ،توێژەر چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەکی پەروەردەیی خستەڕوو ئەوانیش بریتین لە:

**دەرئەنجامەکان :**

لەبەر رۆشنای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

1. بەکارهێنانی پرۆگرامی پۆرتاج ڕێگایەکی کاریگەرە لەگەشەی لێهاتویی زمان لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .
2. بەکارهێنانی پرۆگرامی پۆرتاج ڕێگایەکی کاریگەرە لەگەشەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

راسپاردەکان:

1.پێویستی بەکارهێنانی پرۆگرامی پۆرتاج لەلایەن باخچەکانی منداڵان و سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە مەبەستی باشترکردنی گەشەی (لایەنی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ) ئەو منداڵانەی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا دواکەوتوون.

2.راهێنانی ئەو کادرانەی کە لەسەنتەرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت کاردەکەن و دەستێوەردانی پێشوەختە لەسەر بەکارهێنانی پرۆگرامی پەرەپێدانی پۆرتاج .

3.بڵاوکردنەوەی پرۆگرامی "پۆرتاج" و خزمەتگوزارییەکانی لەسەر بنەمای زانستی لە سەرانسەری کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەستێوەردانی پێشوەختە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانەکان، و ڕووبەڕووبوونەوەی نەبوونی سەنتەری تایبەتمەند و تێچووی بەرزی.

4.سوودوەرگرتن لە ئەنجامی توێژینەوەکە لە پەرەپێدان و دارشتنی بەرنامەکان بە ئامانجی پەرەپێدانی ڕەهەندیی (لایەنی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی.

**پێشنیازەکان:**

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەگەڵ فراوانکردنی قەبارەی توێژینەوەکە تا نموونەی گەورەتر لەخۆ بگرێت و ناوچەو پارێزگاکانی تر بگرێتەوە.
2. ئەنجامدانی توێژینەوە ی تر لەسەر کاریگەری پرۆگرامی پۆرتاج لە پەرەپێدانی لێهاتوویەکانی پەیوەست بەلایەنەکانی گەشەی (جەستەی و جوڵەی و یارمەتیدانی خود ) بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەسەر منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت .
3. ئەنجام دانی توێژینەی هاوشێوەی تر ، بۆ زیاتر ناساندنی کاریگەری پرۆگرامی پۆرتاج لە سەر گەشەپێدانی هەمەلایەنەی لێهاتوویەکانی پەیوەست بەلایەنەکانی گەشەکردن لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەی تر بۆ زانینی ئاستەنگیەکانی بەکارهێنانی پرۆگرامی پەروەردەی پێشوەختەی پۆرتاج لە باخچەی منداڵان و سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**سەرچاوەکان:**

سەرچاوە کوردیەکان:

1.بۆکانی ،سابیر ،(2016):**میتۆدی توێژینەوەی زانستی**،چاپخانەی چوارچرا چاپی یەکەم.

2. بابان و ئەوانی تر ، (2021 ) : **بەکۆمەڵایەتیکردن و گەشەی منداڵ**، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی نارین .

3.علی و حمە و محمد ، سۆلاڤ فائق محمد،احمد علی،نازەنین عوسمان،(2013): **ئاسۆی پەرەپێدانی باخچەی ساوایان**،چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا.

4.عەلی ، عبدالرحمان ، (2021 ) : **پوختەیەك لەپەروەردەی تایبەت ( خاوەن پیداویستی تایبەت )** ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی تاران .

5.قادر ، ڕەمزان حەمەد امین ، ( 2016 ) : **سایکۆلۆژیای منداڵ لەباخچەی منداڵان** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سۆفیا ، کۆیە .

6.قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ، ( 2015 ) : **دەروازەی پەروەردەی تایبەت** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پیرەمێرد .

7. قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ،( 2002 ):**سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە**، چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

8. قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ، ( 2014 ) : **ڕینشاندەری مامۆستای باخچەی ساوایان (ڕێنمای و پرۆگرام )** ، چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی

سەرچاوەعەرەبیەکان:

1.الجرواني وصديق ،هالة ابراهيم، رحاب محمود،(2013 ):**اظطرابات التاتاة الرؤية التشخصية علاجية** ، دار المعرفة الجامعيةلنشر،الاسكندرية ،مصر .

2.حسن،هيبة ممدوح محمود,(2008):**استخدام طريقة بورتاج لتنمية المهارات التوافقية لدى الاطفال ذوي الاعاقة العقلية البسيطة المدمجين وغير المدمجين**, جامعة الفيوم,مجلةجامعةالفيوم التربويةوالنفسية, مجد3,عدد9

3.حسين،نهى عبدالحميدمحمود،(2020):**فاعليهبرنامج بورتاج لخفض اظطرابات طيف التوحد لدى الاطفال في مرحلة الطفولة المبكرة**،جامعةبن سويف ،مجلةبحوث ودراسات الطفولة ،كليةالتربية للطفولةالمبكرة،مجلد2 ، عدد 4.

4.حكيم،شيرين صبحى صالح،(2002):**فاعليه برنامج بورتاج للتنميةالشاملة للطفولةالمبكرةلزيادةمعدل النمو الاجتماعى لطفل ماقبل امدرسة**.جامعة عين شمس ، اطروحة الدكتورا.

5.الخطيب و الحديدى ، جمال ، منى ، (1998 ) : **التدخل المبكر ( مقدمة فى التربية الخاصة الطفولة المبكرة )** ، دار الفكر.

6.الزوبعى، عبدالجليل ابراهيم والغنام ، محمد احمد (1981). **مناهج البحث فى التربيه** ، مكتبه الوطنيه بغداد.

7.سالم ، اصاله فاروق مصطفى ،(2014 ) : مقدمه فى اضطرابات التواصل بين النظرية وتطبيق ،دارالمسيرة،عمان .

8.سلامة،سهيد محمد،(2009):التدخل المبكروالدمج،زهراءالشرق للنشر، القاهرة.

9.سليمان و اخرون ، عبدالله محمد, (2016 ) : فاعلية برنامج تدريبي لتحسين الكفاءة اللغوية الاطفال الروضة من ( 5 – 6 ) سنوات, جامعة القاهرة ، مجلة العلوم التربوية ، مج (24 ) ، العدد ( 4 )

10.صواب ،سيد محمود،(1995):النمو الانسانى ،دار المعرفة .

11.الضملى،امتثال ذين الدين،(2004) : علم النفس النمو الطفوله الى الشيخوخة ،الطبعه الاولى ،دار المنهل اللبنانى للطباعه وللنشر.

12.الظاهروالرواشدة،قطحان احمد ،شهريار سلامة،(2010):اثر برنامج المنزلى لتثقيف الامهات البورتاج فى خفض الطخوط النفسية لدى امهات الأطفال المعاقين العقليا،مجلةالتبويةكليةالدراسات العلياجامعةعمان،مجلد 25،عدد 97.

13.العجمى،نادية علي،(2011):التدخل المبكر برنامج البورتيج ، داريانا العلمية للنشر و التوزيع ،الطبعة الاولى ،عمان .

14.العنانى,حنان عبدالحميد العناني،(2005):تنمية المفاهيم الأجتماعية والدينيةوالأخلاقية في الطفولة المبكرة,دار الفكر،الطبعة الاولى .

15.عواد و شربت ، احمد احمد ،اشرف محمد عبدالغني ( 2008 ) : دليل الاسرة و المعلمة في تنمية المهارات الاجتماعية للاطفال ذوى الاعاقة البصرية ، مؤسة حوس الدولية ، للنشر و التوزيع ، الاسكندرية .

16.فارس وفرقنيس ،دلال،سميرة،(2014) : اثر اللغوى على عملية النمو لدى اطفال الرياض (القسم التحضيري ) ابتدائية حميسى عمر – انموذجا ،جامعة بجاية كلية الاداب و اللغات ،رسالة ماجستير.

17.نادر،علاهيثم،(2014):فاعليةبرنامج تدريبى قائم على العلاج السلوكى المعرفى فى تنميه المهارات الاجتماعيه لدى الاطفال ذوى صعوبات التعلم ،جامعه دمشق،رسالةماجيستر.

18.وشاحى ، سماح نور محمد ، (2003 ) : التدخل المبكر و علاقته بتحسين اداء مجالات النمو المختلفة للاطفال المصابين باعراض متلازمة داون ، رسالة ماجستير ، معهد الدراسات و البحوث التربوية ، جامعة القاهرة.

الملخص:

يعد برنامج Portage من أفضل برامج الطفولة المبكرة التي تساعد الأطفال في سن ما قبل المدرسة على اكتساب مهارات مفيدة في حياتهم ، والهدف من هذه الدراسة هو تحديد تأثير برنامج Portage على تنمية اللغة لدى الأطفال ذوي الإعاقة. استخدمت الباحثة طريقة شبه تجريبية ، واعتمدت على تصميم القياس (ختبار القبلى) والقياس(ختبار البعدى ) لمجموعة واحدة. من أدوات البحث وهي (برنامج Portage )مجال البحث (١٥ ديسمبر - ١٥ مايو ، ٢٠٢١) النطاق البشري للدراسة يتكون من (١٢) طفل من ذوي الإعاقة تتراوح أعمارهم بين (٤-٦) سنوات وقد توصل إلى عدة استنتاجات علمية من أهمها:

١ -توجد فروق ذات دلالة إحصائية بين مستوى الدليل (٠,٠٥) في مقياس تطور اللغة في الاختبار القبلي والبعدي للمجموعة التجريبية وهذا الاختلاف لصالح الاختبار البعدي.

٢ -توجد فروق ذات دلالة إحصائية عند مستوى الدليل (٠,٠٥) في مقياس تطور العلاقة الاجتماعية في الاختبار القبلي والبعدي للمجموعة التجريبية وهذا الاختلاف لصالح الاختبار البعدي

## Abstract

Portage program is one of the best early childhood program that helps pre-school children gain useful skills for their lives. The aim of this study is to discover Portage program's effect on language development of children with special needs. The researcher used a semi experimental method, and used ((Pre test – Post test) in designing the study for each group. Of the experiment tools is Portage program, duration (15 December -15 May 2021) Pilot test included 12 children of special need with the age range of 6-4 years. She reached a number of scientific conclusions, including

1- there is significant difference (P-Value 0.05) in language developmental skills in pre and post test of the experiment group, the difference is to the post test result advantage.

2-there is significant difference (P-Value 0.05) in interpersonal skills development in pre and post test of the experiment group, the difference is to the post test result advantage.